ئەگەر کەسێک لە ئێوە گەیشت بە براکەی ئەوا با سەلامی لێبکات، وئەگەر داڕێک یان دیوارێک یان بەردێک هاتە نێوانیانەوە، پاشان دیسانەوە پێی گەیشت؛ ئەوا با جارێکی تر سەلامی لێبکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێک لە ئێوە گەیشت بە براکەی ئەوا با سەلامی لێبکات، وئەگەر داڕێک یان دیوارێک یان بەردێک هاتە نێوانیانەوە، پاشان دیسانەوە پێی گەیشت؛ ئەوا با جارێکی تر سەلامی لێبکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری مسوڵمان دەکات بە سەلامکردن لە برای مسوڵمانی هەرکاتێك کە گەیشت پێی، ئەگەرچیش پێکەوە ڕێ بکەن وپاشان شتێك بێتە نێوانیان وەکو داڕێك یان دیوارێك یان بەردێکی گەورە، ودیسان پێی گەیشت ئەوا با جارێکی تر سەلامی لێبکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3552